پڕۆژەی: کتێب باشترین هاوڕێیە-١٩-

# یاسای دارستان



**شاخەوان عەلی مامۆکی**

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی(٤٧٠)ی ساڵی (٢٠١٤)ی پێی دراوە

ناوی کتێب: یاسای دارستان

نووسەر: شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی

پێشەکی: عزەدین زەکیزادە

سەرپەرشتی پەروەردەیی: مامۆستا سعاد کریم کۆیی

دیزاین:نەهرۆ عەلی حەمەد

تیراژ: ١٠٠٠دانە

چاپ: یەکەم- ٢٠١٤

چاپخانە: چاپخانەی هێڤی– هەولێر





# پێشەکی

ئەوانەی بۆ منداڵان دەنووسن دەبێ لە گەورەیی خۆیان گەورەتربن و لە منداڵیش منداڵتر بڕوانن و خەیاڵ بکەن، دەنا ناتوانن ببنە نووسەری منداڵان، چونکە هەرچەندی بنووسن و کتێبیان زۆربن هێشتان نەبوونەتە نووسەری منداڵان، چونکە نەیانتوانیوە لە دیدی منداڵەوە ببینن و بخوازن و ڕەفتاربکەن، هاوکات نەیانتوانیوە منداڵ بکەنە خوێنەری دەقەکانی خۆیان چونکە منداڵ بابەتێك ناخوێنێتەوە کەخۆی تێدا نەبینێتەوە و هەوەسی پێنەیەت. کاك شاخەوان لەچەند زاویەیەکی جوان و هەستیار لە منداڵان وەژوور کەوتووە و لەناو خولیاو هەوەسەکانیانەوە ڕێنوێنی کردوون و ئاماژە بە ڕێگا ڕەوانەکان دەکات تا زارۆکان بەوێدا ئاراستە بکات. بەڵام ئەو شێوازانە لەناو چیرۆکی کوردیدا دووبارەن ، چونکە قسەکردن و ڕێنوێنیکردنی منداڵان لەزمانی ئاژەڵانەوە لای زۆربەی چیرۆکنووسانی جیهان بەکارهاتووە ، جا هەریەکەیان ئەو پەیام و باسانەیان تێدا ڕاگەیاندووە کە ویستوویانە، کاك شاخەوان لەبەر ئەوەی پیشەی سەرەکی مامۆستایی بووە و تێکەڵی ژاوەژاو و دنیا تایبەتەکەی منداڵان بووە و هەستیارانەش مامەڵەی لەگەڵ کردوون، توانیویە هەندێك لە کۆدە وردەکانی ویست و هەستی منداڵ بکاتەوە و لە چیرۆکەکانیدا بەزمانێکی ڕەوانی ساکارەوە بەرجەستەیان بکات. ئەو چیرۆکانە پێویستن بۆ منداڵی کورد بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی کوردی و زمانێکی ڕەوانیش فێربن. بەڵام قۆناغێکی تر هەیە کە پێویستە چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەزموونی بکات ئەویش خەیاڵە سەرکێش و مەترسیدار و چاوەڕواننەکراوە فانتازیەکانی منداڵە، یان کۆکردنەوەی پرسیارە فەلسەفیە گێرۆدەکان و شیکارنەکراوەکانی منداڵ کە پێویستە بئاخنرێنە ناو سیناریۆ و ئەو دەقانەی بۆ منداڵان دەنووسرێن. کە پێموایە مامۆستا شاخەوان هەندێك سەرە قەڵەمی بۆ ڕەوانەکردوون. دەی با پێکەوە بچینە تەماشای دیمەنەکانی ناو چیرۆکەکانی مامۆستا شاخەوان کە لە من و گەورەکانەوە شایانی دەسخۆشی و لە منداڵانیشەوە شایانی سوپاسە.

**عزەدین زەکیزادە**

**١٧-٥-٢٠١٤ ئامەد**

# ڕێوی و کەڵەشێرەکە



کەلەشێرێك لەسەر گاشەبەردێکی گەورە وەستابوو، تاو نا تاوێ باڵەکانی لێکدەدا و دەیقوقاند: قوو قوو قوو قوو.

ڕێوییەکی برسی بە هانکە هانك هەنگاوی دەنا، بەملا و بەولادا چاوی دەگێڕا، بۆ نێچیرێك تا پەلاماری بدات و زگی پێ تێر بکات، پڕتاو لە قووقاندنی کەلەشێرەکەدا: قوو قوو قوو قوو، سەری هەڵبڕی، چاوەکانی زەقکردەوە، کە کەڵەشێرەکەی بینی لەسەر گاشەبەردێك وەستاوە، بە زەردەخەنەوە خۆی لێ مەڵاسدا، وردە وردە بە زگەخشکێ خۆی لێ نزیك کردەوە بەو نیازەی کتوپڕ بازداتە سەر گاشەبەردەکە و پەلاماری کەڵەشێرەکە بدات و بیخوا، کەچی سەیری کرد گاشە بەردەکە زۆر گەورەیە، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا، ئەوەندەی بەدەوری بەردەکەدا سوڕایەوە شوێنێ بدۆزێتەوە دەستەکانی لێ گیربکات خۆی پێوە بگرێ تا سەر بکەوێتە سەرەوە، هیچی پێ نەکرا، چەند جارێ خۆی هەڵدا و داڕسا گاشە بەردەکەدا، تا پێیدا هەڵشاخێ بەڵام نەیتوانی. کەڵەشێرەکە کە لەو خشپە خشپە بەئاگا هات، گوتی:


ڕێوی چی بووە؟ تۆ خەریکی چی؟

بۆچی بەگژ بەردی ژێر پێم دادەچی؟

ڕێوییەکە بەدەم قاقای پێکەنینەوە سەری هەڵبڕی، بەسەری زمانی نەختێ دەمی خۆی لێستەوە و گوتی:



من و باوکت هاوڕێ بووین
خۆشەویستی یەکتر بووین
پێکەوە وەکو برا
لەڕووناکی وەك چرا
ڕێگەی ناخۆشمان دەبڕی
شەوی تاریکمان دەدڕی
دڵمان گەردی نەدەگرت
ڕێزی یەکترمان دەگرت
ئەو قسە چییە دەیکەی؟
بۆ دڵم زامدار دەکەی؟



کەڵەشێرەکە قسەکەی پێ بڕی:

من هەرگیز فریو ناخۆم
تا مردن دوژمنی تۆم

ڕێوییەکە نەختێ ددانی لێ جیڕ کردەوە و گوتی:

بەدوای چووان دا مەچوو
قیچێ بەباوکت بچوو

وەسیەتە وەسیەت نەکەی

ڕێی ڕووناکی ئەو ون کەی

وەرە پێش، وەرە لام

تا ماوم لە خزمەت دام

کەڵەشێرەکە دایە قاقای پێکەنین و باڵەکانی لێکدا، چووە ئەمسەر و هاتەوە، قووقاندی: قوو قوو قوو، ئەوجا گوتی:



تۆ ڕێویەکی فێڵبازی

بەهەموو شتێ ڕازی

شارەزای دەنگ و باسم

دەروونت باش دەناسم

چیت لەدڵە چیت دەوێ

دەستت لەدەستم کەوێ

بۆ تێر بوونی ئەو زگەت

ببمە پارووی ئەو ژەمەت!

ڕێوییەکە خۆی لەزەوییەکە گەوزاند، دەستەکانی لێ هەڵشەقاند وەك نیشاندانی ناڕەزایی، پێی گوت:

توخوا قسەی وا مەکە

دەروونم قەڵس مەکە




ئێمە دۆستی پێشینەین
هەر پێکەوە هەڵدەکەین
لەتەنگانە برای تۆم
هەموو کەست دەبم خۆم
نەکەی دڵ لەدڵ بدەی
دە یالاّ دابەزە، دەی!

کەڵەشێرەکە نەختێ سەری لێ بادا، دیسان قووقاندی: قوو قوو قوو قوو، پاشان گوتی:



تۆ من بەکێ تێ دەگەی؟
باش دەزانم بێ جێگەی
بەفێڵ و درۆ ڕاهاتووی
دەزانم بۆچی هاتووی
پارووی چەورت گەرەکە
ئەو شتە لەمێشکت دەرکە
تاوەکو لەژین مابم
دەستەمۆی دەستت نابم
وازم لێ بێنە و بڕۆ
هیچت بۆ ناکات درۆ





ڕێوییەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، سەری داگرت، لەبەرخۆوە مینگە مینگێکی لێوە هات، کە نەختێ ڕۆییشت، کت و پڕ ڕاوەستا و ئاوڕی لێ دایەوە، بەدەم دەست شەقاندنەوە پێی گوت:

ئای چەندە کەللە ڕەقی

لەهەر کوێیی دەچەقی

کەس بەفریات ناکەوێ

وابکە دڵت داکەوێ

ڕۆژێ دێ پەشیمانی

تێدەگەی چەند نەزانی!



کەڵەشێرەکە لەسەر گاشەبەردەکە چووەوە ئەمسەر و هاتەوە، نەختێ چاوەکانی لێکنا، کە کردییەوە بەهەڵپەیەکەوە گوتی:

من هەرگیز فریو ناخۆم

تا مردن دوژمنی تۆم



ڕێوییەکە پێی هەڵێنا، ڕۆیشت تا لەبەرچاو ون بوو، ئەوەندەی نەبرد هاتەوە لەگەڵ دەستی خۆیدا گوریسێکی هێنا لە لکەدارێکی ئەو نزیکەی هەڵخست، گوریسەکەی گرێدا وکردیە

دیلانیٚ، چووه سەری، نەختیٚ خۆی هیٚناو برد، تا بەدەم جۆلانیٚوە سەرنجی کەڵەشیٚرەکە بەلای خۆیدا ڕاکیٚشیٚ، بەدەم زەردەخەنەیەکەوە ڕووی تیٚکرد و گوتی:



ئەوەی لەلاتە داینیٚ
وەرە لام بۆ دیلانیٚ
چیت پیٚ خۆشە وادەکەین
پیٚکەوە یاری دەکەین
سەرشۆڕییە با بمرین
نەتوانین لیٚك حاڵی بین
بادروشمیٚ هەڵبگرین
تەنها ڕیٚزی یەك بگرین
ژیان ئەوها ناسووڕیٚ
چاکە چاکەی دیٚتە ڕیٚ
وەرە بۆت بسەلمیٚنم
چەندە جوان و شیرینم

## ڕەفتار و کاری جوانم
## بۆ تۆ و بۆ هەمووتانم؟

کەڵەشێرەکە وەڵامی نەدایەوە، ڕێوییەکە هەستی ڕاگرت، زانی هیچ بەهیچ ناکات، لەجۆلانەکە دابەزی، لەجێوە دەستی بۆ چەند گاشە بەردێك برد و هەڵیگرتەوە بۆ کەڵەشێرەکەی هاویشت بەڵکو لەو شوێنە هەڵبفڕێ و بێتە خوارەوە، کەڵەشێرەکە فیکەیەی بەملەوە بوو، دەستی گەیاندێ خستیە دەمیەوە و فیکەیەکی توندی لێدا: فیییییییییییییك.

ڕێویەکە بەو دەنگە شڵەژا، بەپەلە کەوتە سەیرکردنی دەوروبەری خۆی و بەهەناسەی سوارەوە گوتی:

ئەو فاك و فیکە چییە؟
جوانیمان بێدەنگییە
وەرە با گفتوگۆ کەین
بۆچوونمان ئاڵوگۆڕکەین
بۆ یەك جار بیر بکەوە
ئەوجا وەڵامم دەوە




دەنگی سەگێك لەدوورەوە هات دەحەپی:
وەو، وەو ، وەو....

ڕێوییەکە لەترسان جێی بێ جێ بوو، بە پەلەپروزێ دەرپەڕی خۆی لەو دەوروبەرە شاردەوە، کەوتە چاوەڕوانی بزانێ چی ڕوو دەدات ..
سەگەکە بەدەم غاردانەوە لەدوورەوە هاواری دەکرد، دەیگوت:

ها کەڵەشێری هاوڕێ
بوەستە وا کەوتمە ڕێ
زۆر بەنرخە لەلام کات
هەر ئێستا دەگەمە لات

کاتێ نزیکی گاشە بەردەکە بۆوە، لەجێوە وەستا، سەری هەڵبڕی، بەبزەیەکەوە ڕووی کردە کەڵەشێرەکە و گوتی:

ها چیبووە؟ چی قەوماوە؟
هیچ نابینم لەم ناوە!
چیت گەرەکە، چیت دەوێ
دە بڵێ، شەرمی پێ ناوێ
هەم دۆست هەم پاسەوانم
پێت دەبەخشم ژیانم





کەڵەشێرەکە کە دڵنیابوو ڕێوییەکە زۆر لێیەوە دوورە و لەترسی سەگەکە ناوێرێ لێی بێتە پێش، باڵەکانی لەیەکدا و هاتە خوارەوە گوتی:

زۆر سوپاس ئەزیەتم دای
زۆر شەکەتیم وەبەر دای
ناچاربووم فیکە لێدەم
داوای یارمەتیت لێکەم

بەدەم هەڵشەقاندنی باڵەکانیەوە قووقاندی: قوو قوو قوو قوو، ئەوجا خۆی هاوێشتە سەر جۆلانەکەی ڕێوی فێڵباز و گوتی:

یاخوا بەخێربێی یاخوا
زۆر حەزم دەکرد داخوا
نایەی یاریم لەگەڵ کەی
لە پشتەوە پاڵمدەی



سەگەکە لەدواوە کەوتە پاڵدانی کەڵەشێرەکە و بە پێکەنینەوە هەندێ حەپی: وەو ..وەو... وەو، ئەوجا گوتی:

وای وای کە ئەم جۆلانە
هەم دڵگیرە هەم جوانە

**ئەوەی دروستی کردووە**

**دەستخۆشیت لێی کردووە؟**

**کەڵەشێرەکە کە بۆ سەرەوە بەرزدەبۆوە و دەهاتەوە بۆ ئەمسەر و بەرز دەبۆوە، گوتی:**

**ئەمە تەڵەی ڕێوییە**

**هەر چاوی لەچەورییە**

**بەم شتانە فێڵ دەکات**

**تا لەخشتەمان ببات**

**ئەگینا خێرخواز نییە**

**چاوی لەچاکە نییە**



سەگەکە ددانەکانی دەچیڕەوە بردن، چووە ئەمسەر و ئەوسەر، کەوتە چاوگێڕان  هیچی بەدی نەکرد، کە ڕووی بەلای کەڵەشێرەکە وەگێڕا، بەدەنگێکی بەرزەوە گوتی:

پێمبڵێ بەرەو کوێ چوو؟
حەیف، لەدەستم دەرچوو
من زۆر حەزم لەڕاوە
ئەوەندەی هەوڵمداوە
ڕێویەکی وا ببینم
جەرگ و دڵی دەربینم
دەڵێن گۆشتی زۆر خۆشە
چارەسەری نەخۆشە



کە هاتەوە، دووبارە کەوتەوە پاڵدانی کەڵەشێرەکە.

ڕێوییەکەش وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی و برسێتیش تەواو تەنگی پێهەڵچنیبوو، ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی ڕۆیشتنی سەگەکە وەستا، بەڵام سەگەکە هەر نەڕۆیشت، بۆیە بەناچاری دەستی بە زگی برسی داهێنا و گوتی:

چاوەڕوانی دەمکوژێ
هەموو ناخم دەهەژێ
ئەگەر وا بمێنمەوە
دەمرم، سەردەنێمەوە

ڕووی وەرگێڕا، سەری خۆی شۆڕ کرد بەرەو شوێنێکی تر کەوتە ڕێ.

* * *




**بۆ زانیاریت، ئایا دەزانی:**

*ڕێوی نێرە پەیوەندی تەنیا لە گەڵ یەك ڕەگەزی مێینە دەبەستێ، ئەگەر ڕێوییە نێرەکە بمرێ ئەوا ڕێوییە مێیەکە تا هەتایە بەتەنیا دەمێنێتەوە و پەیوەندی لەگەڵ ڕێوییەکی دیکەی نێرە دروست ناکات، بەهەمان شێوە بۆ ئەو ڕێوییە نێرەی کە مێیە هاوسەرەکەی دەمرێ.




**خوێندن دۆزینەوەی کلیلی ڕزگاری دەرگا داخراوەکانی تاریکی مرۆڤە تا بەکردنەوە دنیای لەبەر چاو ڕوناك بکاتەوە.**




# کرمەکەی هەناوی نەهەنگەکە

لەنێو نەهەنگەکانی دەریادا شینە نەهەنگێ هەبوو، زۆر قسە خۆش و دەم بەخەندە بوو، دوو بەچکەی جوانی هەبوو زۆر خۆشیدەویستن، وەکو بیلبیلەی چاوی دەیانی پاراست، دوای تێپەڕبوونی تەمەنێ، نەهەنگەکە چووە ساڵەوە، تاقەتی گەڕان و سووڕانی نەما، بەچکەکانی زۆر خراپ بوون، هەرچەند ئامۆژگاری دەکردن، ئەوان گاڵتەیان بەقسەکانی دەهات و بەگوێیان نەدەکرد، تەنانەت لەو خۆراکەی دەستیان دەکەوت هەر ئەوەندەیان دەدایێ نەمرێ، ئەو هەڵسوکەوتەیان وایکرد نەهەنگەکە لەقسەکردن مان بگرێ، چەند هاوڕێکانی لێی چوونە پێش: ئەوە چیت لێ قەوماوە؟ بۆ قسە ناکەی؟

شینە نەهەنگەکە هەر دەیوت: ناهەقم مەگرن، من دوو کرمم چووەتە دڵەوە، ڕۆژ نیە هەناوم نەخۆنەوە، بێزارم، حەز ناکەم گوێم لەهیچ بێ.

ئەوەندەی دەگوت و دەمی خۆی دادەخست، بێ ئەوەی یەك ورتەی دیکەی لەدەمەوە دەرچێ.



نەهەنگەکان پێیان سەیر بوو چۆن کرم دەچێتە دڵی و هەناوی دەخواتەوە!
هەندێ دەیانگوت: نەهەنگە شینەکەمان تێکچووە و خەڵەفاوە!
هەندێکی دیکە دەیانگوت: نا، لێی ناگیرێ، دەردە پیرییە و ئەوەی بچێتە ساڵەوە وڕێنە و هەموو قسەیەکی هەلەق و مەلەق دەکات.
نەهەنگێکی بۆرەی زیرەك کە هاوڕێیەکی نزیکی بوو، لەبەر خۆیەوە گوتی:ئەو قسانە بێ هودەنین، دەبێ بزانم کێشەی ئەو نەهەنگە چییە.
چووە لای، تاوێ لەلای مایەوە، پێیگوت: هاوڕێ گیان دەکرێ راستی ئەو قسەیەم پێ بڵێی بزانم ئەو دوو کرمە چۆن چوونەتە دڵتەوە؟ تکا دەکەم قسە بکە، ڕاستیەکانم لێ مەشارەوە بەڵێنبێ نهێنی ئەو قسانەت بپارێزم و لەلای کەس نەیدرکێنم.
نەهەنگە شینەکە ئاهێکی پڕ بەسییەکانی هەڵکێشا، بە هێمنی باسی سیفەتە خراپەکانی هەردوو بەچکەکەی خۆی بۆ کرد کە لەوەتەی چووەتە ساڵەوە و تاقەتی کارکردنی نەماوە، بەچکەکانی لەقسەی دەردەچن، بگرە لەجیاتی خزمەتکردن، جنێویشی پێ دەدەن.




نەهەنگە بۆرەكە گوتی: تێگەیشتم، تەواو، ئەوە خەمی منە من چارەی دەكەم.
ڕۆیشت، چووە لای بەچكەكان و بە زمانێكی پاراوەوە گوتی: شیرینەكانم، دەگێڕنەوە شێرێك هەبوو، دوو بەچكەی جوانی وەك ئێوەی هەبوون، تا بەچكەكانی هەراش بوون هەمیشە لەخەمیان دابوو، بەردەوام دەگەڕا و دەسووڕا خواردنی بۆ پەیدا دەكردن و دەیخستە دەمیانەوە، كاتێ بەچكەكان گەورە بوون و لەولاوە شێرەی باوكیان تاقەتی ڕاوی نەما، بەچكەكان لەجیاتی خزمەت و یارمەتی، لێی هەڵدەگەڕانەوە، لچیان لێی هەڵدێنا و كام جنێو پیسە بە باوكیان دەدا، كە قسەیش بهاتبا سەر قسە، دەیانگوت: جا باوكمان چی كردووە؟
سەرەنجام لە خەم و خەفەت و لەبەر برسیەتی كە جەمێ خواردنیان پێی دەدا و دوو جەم هیچیان نەدەدایێ، شێرەكە مرد.





دوای ماوەیەکی کەم یەکێ لە بەچکەکان کەوتە تەڵەی مرۆڤێکەوە بەئاسانی ڕاوکرا، بەچکەکەی تریش مێینەیەکی کردە هاوسەری خۆی و بووە خاوەنی دوو بەچکە، زۆر بەدەوری بەچکەکانیدا دەهات و دەچوو، خزمەتی دەکردن تا گەورەیانی کرد، ئەویش کە چووە ساڵەوە ڕۆژێکیان بە بەچکەکانی گوت: ڕۆڵەکانم، خۆتان دەزانن چوومەتە ساڵەوە، بێ تاقەتی ڕووی تێکردووم چیتر ئەو شێرەی جاران نەماوم، بۆیە ناتوانم وەکو پێشان ڕاو بکەم، بۆیە دەبێ لەمەودوا ئێوە خزمەتم بکەن و ئاگاتان لێمبێ.

یەك لەبەچکەکان بە دەم فسکە فسکەوە بە براکەی وت: باوکمان تا نەبێتە بار بەسەرمانەوە، پێم باشە بچین بیبەینە لای ئەو گۆماوە قووڵە و فڕێی بدەینە ناو گۆمەکە، وابێ بخنکێ باشترە لەوەی خۆمانی پێوە خەریك بکەین و ئەزیەتی بەدەستەوە بکێشین.

بەچکەکەی دیکەیش وەڵامی دایەوە: قەت لەوە باشتر نابێ، منیش هاوڕام لەگەڵت، با لەکۆڵ خۆمانی بکەینەوە و لەناوی ببەین.

شێرەکە کە گوێی لەو قسانە بوو، لەترسی مردن ڕاست بۆوە و ڕۆیشت، چووە سەر گۆڕەکەی باوکی و گوتی: باوکە گیان بمبورە زۆر

بۆت خراپ بووم، ئەوەتا ئێستا سزای ئەو خراپەیەم وەردەگرمەوە، ئەوەندە گریا و نووزایەوە، هەر لەوێ گیانی دەرچوو. جا ڕۆڵەکانم......

بەچکە نەهەنگەکان نەیانهێشت قسەکەی تەواو بکات، گوتیان: ئێمە هەڵەی زۆرمان بەرامبەر باوکمان کردووە، بەڵێنبێ بۆ ئەوەی وەکو ئەو شێرەمان لێ بەسەرنەیێ، هەتا دەمرین خزمەتی دەکەین.

دەم و دەست چوونە لای شینە نەهەنگی باوکیان و بەیەك دەنگ گوتیان: باوکە گیان بمانبوورە، ئێمە لەبەرامبەرت سپڵە و بێ وەفا دەرچووین.


نەهەنگە شینەکەش لێیانی بووری ، مان گرتنەکەی شکاند و گوتی: تەواو..ئەو دوو کرمەی لەدڵمدابوو، لەدڵم نەما و دەرچوو.. ئەوجا بەدڵخۆشیەوە چووەوە ناو هاوڕێکانی و وەکو جاری جاران قسەی خۆشی بۆ دەگێڕانەوە.

* * *



پاراستنی ئاژەڵ و ئازار نەدانی پاراستنی ژینگە و ژیانە، وەکو چۆن حەز
بە پاراستنی خۆمان و پاکڕاگرتنی ماڵەوە دەکەین

# ڕاوە ماسی پشیلەکان




ڕۆژێکیان سێ پشیلەی (ڕەش و سپی و قاوەیی) بڕیاریاندا بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش پێکەوە بچنە ڕاو، چوون هەندێ ئاردیان لە قاپێکی بچووکدا کردە هەویر، هەر یەکەیان قولابێکی باشی پێبوو، تەنەکەیەکی بچووکیشیان لەگەڵ خۆیان برد تا لەڕۆخی ڕووبارەکەدا ئاوی تێبکەن و هەر ماسیەکی گرتیان بەزیندوویی بیخەنە ناوی.


کەوتنە ڕێ، بەدەم قسەی خۆشەوە چوونە کەناری ڕووبارەکە، تەنەکەیان پڕ ئاو کرد، دەقی وایەری قولابەکانیان شکاند و هەر یەکەیان لەدووری چەند مەترێ لەویترەوە وەستا ، هەر یەکەیان قیچێ هەویری بەقولابەکەیەوە دەکرد و قولابی دەهاویشتە ئاوەکە.

پشیلە ڕەشەکە بەدەنگێکی نزمەوە گوتی: پێرێ چوومە شار، چ شار؟ لەبەر زۆری سەیارە ئەو شارە لەناو دووکەڵ خنکابوو، نازانم.. تێناگەم ئەو مرۆڤانە چۆن دەژین لەکاتێکدا لەناو ئەو هەموو گازە ژەهراویەی لەو

سەیارە زۆر و زەبەند و مووەلیدەی کارەبا و کارگەکانەوە دەردەچیٚ و تیٚکەڵ بەهەوا پاکەکە دەبیٚ ئەوجا مرۆڤیش هەڵیدەمژیٚ؟
پشیلە قاوەییەکە بە پیٚکەنینەوە گوتی: جا تۆ چیت بینیوە؟ من زوو زوو دەچمە شار، لەویٚ بەئارەزووی خۆم دەسووڕیٚمەوە، ڕۆژ نییە ئەو مرۆڤانە بەسەیارە لیٚك نەدەن، یەکدی نەکوژن و یەکتر بریندار ناکەن.



پشیلە سپییەکە بەهەڵپەیەکەوە گوتی: تا سەیارە زۆربیٚ، کیٚشەی هاتوو چۆ زۆر دەبیٚ، ئەوە سوننەتی ژیانە تا شت زۆربیٚ، کیشەکان زۆرتر دەبن.
لەو قسانەدا بوون، پشیلە سپییەکە زوو زوو ماسیەکی دەگرت، دەیخستە نیٚو تەنەکە ئاوەکە، بەلاّم پشیلە قاوەییەکە کەمتری دەگرت، کەچی پشیلە ڕەشەکەیش لەبیٚ بەختی خۆی تەنها کیسەڵ و قرژاڵی دەگرت، هەرچی جاریٚ، بۆقیٚ، کیسەڵیٚ یان قرژاڵیٚکی بگرتایە، نەختیٚ سەری لیٚ بادەدا و دەیگوت: دەفەرموو ئەوەندەی من ئەو قولابە هەڵدەدەم، شتیٚکی



قورس خۆی لیٚ دەدا بەدڵخۆشیەوە رایدەکێشم وا دەزانم ماسیەکی گەورەم گرتووە کەچی تەماشا تەماشا چی دەگرم؟ تەماشاکەن چی پێوە بووە؟

پشیلە قاوەییەکە بەپێکەنینەوە کەوتە دڵدانەوەی: ڕەشە گیان خۆت دڵتەنگ مەکە، خۆ منیش وادەبینی ماسی دەگرم، بەڵام ماسیەکانی من زۆر بچووکن و ئەوەتانیٚ.. بەحەسوودی واناڵێم، فەرموو ببینە تا من ماسیەك دەگرم، پشیلە سپی هاوڕێمان سیٚ چوار ماسی باش باش و گەورە دەگریٚ.

پشیلە سپیەکە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە ڕووی تێکردن و گوتی: هاوڕێیان ئەوە سونەتی ژیانە، ئەو شوێنەی ڕەشە لێی وەستاوە و قولابی تێدەهاویٚ، نیشانەی ئەوەیە ماسی لیٚ نیە، ئەو شوێنەی تۆیش کەمتر و لەهەر شوێنیٚ ماسی زۆر لێبوو شانسی گرتنی زیاتر دەبیٚ.

ڕەشە بەپێکەنینەوە گوتی: کەواتە لەم ڕاوە ماسیەوە فێری ئەوە دەبین هەمووومان وەکو یەك کاردەکەین وەکو یەك خۆمان ماندوو دەکەین، بەڵام بەشی هەر یەکەمان بڕاوەتەوە چەندە و چەند نییە!
بەدەم ئەو قسانەوە بەقولابەوە هاتە تەك پشیلە سپیەکە و کەوتەوە هەڵدانی قولاب ئەویش بەهەمان شێوە زوو زوو ماسی دەگرت.
پشیلە سپیەکە پێی گوت: هاااا، ئێستا چۆنی تیێ دەگەی؟
پشیلە ڕەشەکە گوتی: قسەی تۆ تەواوە، لەم هاتنەدا فێربووم کە بەشی هەمووومان بڕاوەتەوە، کەس لەبرسا نامرێ، کاتێ دەزانی لەشوێنێ هیچت دەست ناکەوێ، ناچاردەبی بۆ شوێنێکی دیکە بڕۆی.
بەرە بەری نیوەڕۆ داهات، دەستیان لەڕاوکردن هەڵگرت، لەژێر سێبەری دارێکی سەوز دانیشتن، بەیەکەوە دەستیان بەماسی خواردن کرد، دوای ئەوەی سەرخەوێکیان شکاند، وردە وردە بەرو ئاوایی گەڕانەوە.

*   *   *

بۆ زانیاریت، ئایا دەزانی:

*پشیلە بە پێ و دەستەکانیەوە هەژدە پەنجەی هەیە..لەهەر گوێیەکی پشیلەدا سی و دوو ماسولکە هەیە. هەروەها ٦٦٪ی ژیانی بەخەو بەسەر دەبات.

* بۆق دەتوانێ لە پلەی بەستندا بژێ و پاشان بۆ ژیانی ئاسایی خۆی بگەڕێتەوە.



ئەگەر نەتوانی هیچ ببەخشی دەتوانی بە زەردەخەنەیەك دڵی بەرامبەرەکەت خۆش بکەی.

# وتوێژی نێوان خڕۆڵە و كورسی



**كورسیەك هەبوو بە(كورسی بەرپرس) بانگ دەكرا، زۆر دەم و چاوی بەرپرسی گۆڕیبوو، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان بەو كەسانە دڵخۆش نەدەبوو كە بەواستە و بەرتیل و بێ ماندووبوون دەهاتن لەسەری دادەنیشتن.**

**كابرایەك هەبوو پێیان دەوت (خڕۆڵە)..خڕۆڵە لە دەرگای زۆر بەرپرسی دا و داوەتی زۆر بەرپرسی كرد تا بەو كورسیە گەیشت، كاتێ یەكەم ڕۆژ لێی چووە پێش، دەستی بەسەر داهێنا، لەبەر خۆیەوە گوتی: ئۆۆۆخەی وا نەمردم و بەتۆ گەیشتم.**

**كورسیەكە چاوی نوقاوی لێ كردەوە: هێێێێی، ئەوە چیت گوت؟**

**خڕۆڵە بە شڵەژاوییەوە : ئە..ئە..ئە..چما ئێوەی كورسی قسە دەكەن؟ ئەی كورسی سلاو.**

کورسیەکە بە هەڵپەیەکەوە: سڵاو لەخۆشت، هااااا ئەوە چیە، لەپێش چاوم دڵخۆش دیاری؟

ئەویش بەدەم پێکەنینەوە پێیگوت: ئاخر چۆن دڵخۆش نەبم لەکاتێکدا لێرەوە بۆ خۆم چیم پێ خۆش و باشبێ ئەوە دەکەم، کەسیش بۆی نییە قسە لە قسەم بکات.

کورسیەکە ناوچەوانی گرژ کرد، بەدەم هەڕەشەوە گوتی: پێدەچێ هێشتا سروشتی منت نەناسیبێ، ئەگەر من پێشوازی لەیەکێ نەکەم مانای ئەوەیە: نامەوێ چارەی ببینم، حەز ناکەم لێم نزیك ببێتەوە، خۆ ئەگەر هەر یەخەی بەرنەدام، ئەوا ناهێڵم بەخۆشی لەسەرم دانیشێ و بەجۆرێ سەرقاڵی دەکەم کێشە لەسەر کێشەی بۆ دروست ببێ، خۆ ئەقڵم بیگرێ چاومی لێ بزر ناکەم، هەمیشە ئاگام لێی دەبێ و ناهێڵم هەڵە بکات.



خڕۆڵە کە دەستی خۆشحاڵی خۆی بۆ درێژ کرد، بە زەردەخەنەیەکەوە پێیگوت: ببوورە کورسی گیان، من لەمێژە خەوت پێوە دەبینم، وەلێ ماقوڵ نییە دەستم لێت گیرببێ وا بەئاسانی وازت لێ بێنم، ژیان چیە؟

کورسیەکە بۆی خنایەوە: خڕەگیان پێویستە لەنێوان ترس و خۆشەویستی، خۆشەویستی هەڵبژێری، خۆشەویستیت بۆ پیشەکەت لەلای خەڵك خۆشەویستت دەکات.

ئەویش وەڵامی دایەوە: ئاخر خۆشەویستی ویژدانە و لە دڵ و دەروونەوە هەڵدەقوڵێ، کەس ناتوانێ....

کورسیەکە قسەکەی لەدەم قۆستەوە، پێی گوت: من گەورەیی شتەکان لەتۆدا دەبینم، ئەگەر تۆ نەبی من هیچ نیم، واباشە منت خۆش بوێ تا ئەو ئاستەی وابزانی ئەوە منم لەئامێزم گرتووی، هاااا لەخۆبایی بوون ڕووت تێ نەکا، ئەوەی بەهۆی منەوە خۆی لێ بزر بووبێ وەها سەرم لێی شێواندووە کە بەپەلەپرووزێ لەسەرم هەڵسێ و بەجێم بێڵێ.

خڕۆڵە بە تاسەوە گوتی: من لەپێناوی تۆ دەرگا نەماوە لێی نەدەم، ئێستاش ئامادەم شەڕی هەموو دونیات لەسەر بکەم و بەئاسانی دەسبەردارت نابم.

کورسیەکە سەری بۆ لەقاند: زۆر کەس خۆیان تاقیکردەوە، بەڵام لەکۆتایدا منیان لەدەست دا.

خڕۆڵە گوتی: ئێستا دەتەوێ چ پەیامێکم پێ بڵێی؟

کورسیەکە بەپێکەنینەوە گوتی: ئەگەر دەتەوێ خەڵك بەچاکە باست بکەن، کاری چاکە ئەنجام بدەو بۆ کارەکەت دڵسۆزبە.

ئەویش بەزەدەخەنەیەکەوە پێیگوت: لەخوا دەپارێمەوە یارمەتیم بدات تا هەمیشە کاری باش ئەنجام بدەم و بۆ کارەکەم دڵسۆز بم.

# ڕێوی و دۆزینەوەی کوپە لیرەکە



دوو ڕێوی هەبوون لە بچووکیەوە ببوونە هاوڕیٚ، هەرگیز لەیەك دانەدەبڕان مەگەر بۆ خەوتنان بچووبانە ماڵەوە، گردۆلکەیەك لە ڕۆخ ڕووباریٚ هەبوو، ڕۆژانە نیو فەردە کایان لەسەر عارەبانەیەك بار دەکرد بە گوێدرێژێکی گێلۆکە رایاندەکێشا، دەیانبرد تێکەڵ بە خۆڵی گردۆلکەکەیان دەکرد کە بەخاکەناز و قازمە هەڵیاندەکۆڵی ، ئەوجا بەستڵ ئاویان لەڕووبارەکەوە دێنا، قوڕیان دەگرتەوە، جوان جوان بەپیٚ دەکەوتنە ناوی و قوڕەکەیان ئەم دیو و ئەو دیو دەکرد، دەیانشێلا، لێی دەگڕان بۆ ڕۆژی دوایی تا نەختیٚ خەست دەبۆوە، ئەوجا جارێکی تر بەنەختیٚ ئاو دووبارە قوڕەکەیان تێك دەدا و شلیان



دەکردەوە، ئەوجا خشتبڕە دارەکەیان دادەنا بەهەرەوەزی قوڕەکەیان تێدەکرد و ڕۆژانە پانزە بیست خشتیان پێ دەبڕی.

دوای دوو ڕۆژ خشتەکەیان دەخستە سەر تەنیشت کە لەبەر خۆر وشك دەبۆوە ، لەعارەبانەی پشتی گوێدرێژەکەیان بار دەکرد دەیانبردە شار بەچەند قرۆشێ دەیانفرۆشت، گوێدرێژەکەشیان لەقازانجەکەی بێ بەش نەدەکرد.

ڕۆژێکیان ڕێوییەکان بە نیو فەردە کای سەر عارەبانەی پشتی گوێدرێژەکەوە چوونە دەم ڕووبارەکە، خەریکی بنکۆڵ کردنی گردۆلکەکە بوون، هەر یەکە لەلایەکەوە خاکونازی دەوەشاند لەناکاو خاکونازی یەکێکیان لە کوپەیەك گیر بوو، کوپەیان دەرهێنا، پڕی لیرە بوو، زۆر دڵخۆش بوون، بیریان کردەوە مادام بەو لیرانە دەوڵەمەند دەبن ئیدی لەمەودوا دار نانێنە سەر بەرد و هیچی تر ئیش ناکەن، بیریان کردەوە چۆن لیرەکان دابەش بکەن؟

یەك دەیگوت: من لە تۆ گەورەترم دەبێ بەشی هەرە زۆری لیرەکان بۆ منبێ.

ئەویتر دەیگوت: نەخێر کاتی خۆی ئەگەر من ئێرەم بەتۆ نەوتبایە ئەوە نەدەبووینە خاوەنی ئەو کوپە لیرە، بۆیە دەبێ بەشی هەرە زۆری لیرەکان بۆ من بێ.


کوپە لیرەکەیان خستە سەر عارەبانەکە و هەر گفتوگۆیان بوو، تا لەتووڕەییدا یەخەی یەکیان گرت، وەرگەڕانە گیانی یەکدی، گەلێ شەق و مستیان لەیەکدا.

یەکێکیان بەهەموو دەنگیەوە هاواری دەکردە کەرەکە و دەیگوت: کەرەگیان تا ماڵی ئێمە مەوەستە و دوایی خەڵاتێکی باشت دەکەم، بایی ئەوەندە جۆ و کات بۆ دەکڕم هەتا ماوی لێی بخۆی.

ئەویتریش بەدەنگێکی لەو بەرزترەوە پێیگوت: کەرەگیان باوەڕ بەقسەکانی مەکە درۆ دەکا، خاوەنی قسەی خۆی نییە ، بەقسەم بکە بڕۆ ئەو کوپە لیرەم بۆ ببەوە ماڵ، بەڵێنبێ وەها خەنیت بکەم هەتا دەمری هەر نزای خێرم بۆبکەی.

کەرەکە لەخۆشی دیاری فەردە کایەکان کەوتە ڕێ، بەدەم ڕێوە بیری ڕۆیی نەیدەزانێ باوەڕ بەقسەی کامەیان بکات و کوپە لیرەکە بۆ کامیان بباتەوە، ملی ڕێی بەجۆری گرت، بەرەو شوێنێ ڕۆیشت نەیدەزانی کوێیە؟ ڕێویەکانیش وەها یەخەی یەکیان گرتبوو، کەس کەسی بەر نەدەدا و هەر لەیەکیان دەدا تا تەواو شل و ماندوو بوون، ئەوجا بەناچاری گەڕانەوە ماڵ، هەر یەکەیان دڵی بەوە خۆشبوو کە گوێدرێژەکە بەقسەی کردووە و کوپە لیرەکەی بۆ بردۆتەوە ماڵ.

بەڵام گوێدرێژەکە کوپە لیرەکەی نەبردبووە ماڵی هیچیان...ڕێویەکان هاتنە دەرەوە بەرەو لای یەك ڕۆیشتن تاوەکو شەڕی یەك بکەن.



ڕێویەکیان گوتی: کەرەکە فێری لیٚ کردم.

ڕێویەکەی تر گوتی: نەخێر کەرەکە فێری لەتۆ نەکردووە، منی تەفرەدا.

هەردووکیان بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندە لای گوێدرێژەکە و بەتووڕەیی پێیان گوت: وەرە پێمان بڵیٚ بزانین چیت لەو کوپەیە کرد؟

گوێدرێژەکە بەدەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی: شێرپادشا بەم ناوە تێپەڕی کە کوپە لیرەکەی لەسەر پشتی عارەبانەکەدا بینی، پرسی: ئەوە چیە؟ منیش لەترسان ئەژنۆم شکا، ترسام پەلامارم بدات و بمخوا، بۆیە بەناچاری بەسەرهاتی کوپە لیرەکەم بۆی گێڕایەوە.



شێرەکە لەجێوە دەستی گەیاندە کوپەکە لیرەکە و بردی، گوتی: وەرە دوام بکەوە با خەڵاتت بکەم، بردمیە کۆشك و بیست فەردە کای بەدیاری پیٚ بەخشیم.

یەك لە ڕێویەكان گوتی: ئەی بۆ ئێمە هیچی نەگوت؟

گوێدرێژەكە گوتی: با، گوتی: ئەوانە هاوڕێی ڕاستەقینە نین، ئەگینا چۆن بۆ پارە پەیوەندی ئەوەندە ساڵەیان تێك دەدا، بەس بیانبینم چارەیان دەكەم، ئێوەش ئەگەر حەز دەكەن با بتانبەمە لای.

ڕێویەكان لەجێوە هەڵتۆقین، گوتیان: دەستمان دامێنت ناوی ئێمە و ناونیشانی ئێمەی پێ مەدە ئەگەر بمانبینێ دڵنیاین لەسەر ئەو بێوەفاییە هەردوكمان سزا دەدات.

ڕێویەكان بەدڵتەنگی باوەشیان لەیەكدا و داوای لێبوردنیان لەیەك كرد، یەكێ لەڕێویەكان گوتی: قەت بەخەیاڵمدا نەدەهات پارە برا لەبرا بكات.

ئەویتر گوتی: منیش سەیرم بەخۆم دەهات، كە چاوم بەو لیرە زۆرە كەوت وامدەزانی قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان تۆم نەناسیوە و هاوڕێم نەبوی.

بەدەم ئەو قسانەوە، چوونەوە سەر ئیشەكەی خۆیان و بۆ جارێكی تر دەستیان بەكارەكەیان كردەوە.

* * *

هاوڕێیەتی كەسێك بكە لەمانای هاوڕێیەتی تێ بگات،
هاوڕێیەتی كەسی دەمشڕ و شەڕانگێز مەكە





# نزای پڵینگێکی مێ

نێرە پڵینگێکی بۆر هەبوو، زۆر جوان و دەوڵەمەند، ڕۆژێکیان دایك و باوکی بانگی لای خۆیان کرد و ڕوویان لێینا، کە بەدڵی خۆی پڵینگێکی مێ بدۆزێتەوە بۆی بچنە داخوازی و بۆی بێنن .

پڵینگە بۆرەکە لێرە و لەوێ، گەڕا و سووڕا تا پڵینگێکی مێیەی دیتەوە چووە لای ، قسەیان بەیەکەوە کرد، باسی هاتنەکەی لا درکاند کە دەیەوێ بیکاتە هاوسەری خۆی. .پڵینگە مێیەکەش بەو داوایە ڕازیبوو.

ئەویش گوتی: ئەوەی ڕاستیبێ پێش وەختە چەند مەرجێکم هەیە ئەگەر دەتوانی جێبەجێیان بکەی ئەوە دەچمەوە ماڵ بەدایك و باوکم دەڵێم بۆ ئەوەی بێنە پێش و خوازبێنیت بکەن.

پڵینگە مێیەکە قاقا پێکەنی و وەڵامی دایەوە: جا مەرجەکانت چین؟

پڵینگە نێرەکە گوتی: دەمەوێ لەخۆشی و ناخۆشیەکانی ژیان لەگەڵمدا هاوبەشبی، لە هەبوونی شوکرانە بژێر و لە نەبوونیدا ئارام بگری.

پڵینگە مێیەکە بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە گوتی: ئەمانە هەر مەرج نین، لەئێستاوە بە هەموو ئەو شتانەت قایلم.

کاتێك چوونە پێش و پڵینگەکەیان بۆی گواستەوە، پڵینگە نێرەکە ویستی هەر لەسەرەتاوە تاقی بکاتەوە، ئاخۆ خاوەن بەڵێنی خۆیەتی یان نا، سەرباری ئەو دەوڵەمەندییەی، ڕۆژانە پێش ئەوەی بڕواتە دەرەوە، پارەیەکی کەمی بۆ بەجێ دەهێشت، بە نقە نق بەشی خواردنی ئەو ڕۆژەی دەکرد، بەمەش مێیەکە لەماوەیەکی کەمدا پەست و نیگەران بوو، ڕۆژێکیان بە نێرە پڵینگی هاوسەری گوت: گیانەکەم گەر مۆڵەت بدەی بەتەمام تا ئەو پەرستگایەی بەرەوە بچم، دەمەوێ دەست بەنزا بکەم بەڵکو ئەوە خوایە لەو هەژاری و نەبوونیەدا ڕزگارمان بکات.

ئەویش گوتی: کەیفی خۆتە، دەچی بچوو ڕێت لێ ناگرم ئەوە قەناعەتە من بەم بەشە ڕازیم و تۆ ناڕازی بڕۆ بپاڕێوە .

مێیەکە کەوتە ڕێ، هێدی هێدی بەرەو پەرەستگاکە دەڕۆیشت، نێرەکە لەپشتەوە خێرا هەنگاوی هەڵگرت و خۆی گەیاندە پەرستاگەکە، لەسووچێکەوە خۆی شاردەوە، کاتێ مێیەکە پێی نایە پەرستگاکە و چاوی بەملا و بەولای خۆیدا گێڕا زانی کەس لەو دەوروبەرە دیار نییە، داهاتەوە کڕنۆشی پاڕانەوەی برد، دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، گوتی: خوایە گیان لێت دەپاڕێمەوە هەتا دەچمەوە نێرەپڵینگی هاوسەرم هەردوو چاوی کوێر بووبێ.



نێرەی هاوسەریشی کە لەو دەوروبەرە خۆی شاردبۆوە بەدەنگێکی نەرم و نیانەوە گوتی: ئامین..

مێیەکە هەمان قسەی دووبارە کردەوە: خوایە گیان لێت دەپاڕێمەوە هەتا دەچمەوە نێرەپڵینگی هاوسەرم هەردوو چاوی کوێر بووبێ.

دیسان نێرەی هاوسەری گوتیەوە: ئامین.

مێیەکە هیچ گومانێکی نەما نزاکەی قبوڵ نەبووبێ، بۆیە بەدڵخۆشیەوە پەرستگاکەی جێ هێشت، هێدی هێدی بەرەو ماڵ گەڕایەوە، نێرە لەپشتەوە هەر بەغاردان چووەوە ماڵ خۆی وا نیشاندا چاوەکانی کوێر بووە، مێیەکە کاتێ پێی نایە ماڵ لەدوورەوە گوتی: گیانەکەم، ئەوە خەریکی چی؟



ئەویش لەوەڵامدا گوتی: ئەوەی ڕاستیبێ هیچ ناکەم، چونکە نازانم نزام لێ کراوە چیە؟، کت و پڕ چاوەکانم کوێر بوون، ئێستا هیچ نابینم.


مێیەکە بەبیستنی ئەو قسەیە گەلێ کەیفساز بوو، وای دەزانی هەر بەڕاستی چاوی کوێر بووە، بەئەسپایی چوو تۆپی سندووقە پارەکەی شکاند و کردییەوە، هەرچی پارە و پوول و زێڕێکی تێیدا بوو دەریکرد، خستیە پەڕۆکێك و پێچایەوە، ڕووی وەرگێڕا بڕوات.

نێرە گوتی: گیانەکەم ئەو خشپەخشپە چیە؟ ئەوە خەریکی چی؟

مێیە لەوەڵامدا گوتی: جا دەبێ خەریکی چیبم؟ بەنیازم لێرە بڕۆم، نامەوێ بەدیار کەسێکەوە دانیشم سەرباری ڕەزیلی، کوێریشبێ.
چەند شەقاوێ بۆ پێشەوە ڕۆیشت..نێرە بەهەڵپەیەکەوە گوتی: مەڕۆ من گەنجینەیەکم لەبن ئەو زەویە حەشارداوە دەرهەق بەو ماوەیەی لەلام بووی بڕۆ بەگەردن ئازایی بۆ خۆتی ببە.
مێیە لەخۆشیان دەمی بەش بۆوە پرسی: کوا؟ دەی خێرا شوێنەکەیم پێ بڵێ؟
نێرە بە بزەیەکەوە گوتی: ئەگەر شوێنەکەت پێ نیشان بدەم، بەڵێنم پێ دەدەی لەلام بمێنیەوە و یارمەتیم بدەی کە دەمبینی ئێستا نابینام؟
مێیە بەخۆشحاڵیەوە گوتی: بەڵێ، بێگومان لەلات دەمێنمەوە و تا مردن پێڵاوت لەسەر سەرم دادەنێم و خزمەتت دەکەم.
نێرە گوتی: دەی کەوایە بڕۆ بن ئەو دارە بەرزەی حەوشەمان هەڵکۆڵە لەژێریدا کوپە لیرەیەکی تێدایە.
پڵینگە مێیەکە کەوتە هەڵکۆڵینی بن دارەکە تا کوپە لیرەکەی دەرهێنا، ئەوجا هەمووی بەدەستەوە گرت، بەهێواشی ڕووی خۆی وەرگێڕا، چەند هەنگاوێ بۆ پێشەوە ڕۆیی تا بەیەکجاری بڕوا و هەموو ئەوانە ببات.
نێرە گوتی: گیانەکەم ئەوە خەریکی چی؟
مێیە بە نیمچە تووڕەییەوە گوتی: کوا هیچی تێدا نیە، بزانە لەوەشدا درۆت لەگەڵ کردم، چما دەتەوێ بەهەموو ئەقڵێکت پێمڕابوێری،

**خەیاڵت خاوە نێوانی من و تۆ تەواو، ئیدی یەك دەقە چیە لێرە نامێنمەوە، دەڕۆم شوێنێکم دەست دەکەویٚ پاروە نانێکی تێدا بخۆم.**
**چەند هەنگاوێکی باش ڕۆیی.. نێرە گوتی: توخودا ئەگەر بڕۆی؟ مەڕۆ ئەگەر ئەو کوپەی ئێرەشیان لیٚ بردبم ئەوە بەدڵنیاییەوە کوپەیەکی زۆر لەو گەورەترم لە ژوورەوە شاردۆتەوە، بەڵام دەبیٚ بەڵێنی خۆت ببەیە سەر بەجیٚم نەهێڵی و تا دواساتەکانی ژیان لەگەڵم بمێنیەوە.**
**مێیە لەخۆشی کوپە لیرەیەکی ئاوا گەورە گوتی: وەی بەسەر چاو، هەتا دەمرم بەدەورتدا دیٚم و لەسەرسەری خۆمت دادەنیٚم.**
**بەیەکەوە چوونە ژوورەوە، نێرە بە ئەنقەست گوتی: شوێنی کوپەکە لەلای راست لەبن سووچی ئەو دیوارەیە ، ڕێك تەنیشت گۆزە ئاوەکە.**
**پڵینگە مێیەکە هەموو شتەکانی دەستی دانا، کەوتە هەڵکۆڵینی زەویەکە..نێرەپڵینگیش هەموو پارە و کوپە لیرەکەی لەدواوە هەڵگرتەوە ئەوجا گوتی: هێی گیانەکەم کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە، ئێرە هیچی لیٚ نییە دەی خێرا لەبەر چاوم ونبە، نامەویٚ لەو ماڵەت ببینم.**
**مێیە بەپەرۆشەوە ڕاست بۆوە، گوتی: ئەی تۆ کوێر......**
**نێرە نەیهێشت قسەکانی تەواوکات، گوتی: نا کوێرنیم، چما ئەوها لەگەڵم دەژیای؟ بەڕاستی بەڵێنەکانت بردە سەر، ئەوەی من کردم تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی تۆ بوو، تا بزانم ئایا بەڕاستی منت دەویٚ یان نا؟**
**چەند مێیەکە لەبەری پاڕایەوە لێی ببووریٚ، گوتی: لەو تاقیکردنەوەیە دەرنەچووی، قەینا ئەزیەتت نادەم، بەڵام نامەویٚ لێرەت ببنم.**

# تەونی جاڵجاڵۆکە





لەناو بۆڕیەکی گەورەی ئاوی لەکارکەوتوودا وەکو شارێکی گەورە، مێروولە* و مێش و پەپوولە و قالۆنچە و سیسارك و کوللە و زەنگەسۆرە و جاڵجالۆکە دەژیان، هەر یەکە سەرقاڵی ئیش وکاری خۆی بوو کەس هەقی بەسەر کەسەوە نەبوو، ناوە ناوە ناخۆشی دەکەوتە نێوانیان، لێرە و لەویێ ئەو پەلاماری ئەوی دەدا و ئەو هێرشی دەکردە سەر ئەویتر.

بێزاری هەموو لایەکی ئەو شارەی گرتەوە، بەناچاری هەمووان لەسەر یەك مێز کۆبوونەوە و بڕیاریاندا دادگایەك دابمەزرێنن، جاڵجاڵۆکە بکەنە دادوەر تا لەو سەری کونی بۆڕییەکەوە تەونی خۆی دانێ، هەر کەسێ تاوانێکی ئەنجامدا و ویستی هەڵبێ، ئەو یەکسەر بیگرێ و ڕوو بەڕووی دادگای بکاتەوە.

جاڵجاڵۆکەی دادوەر سیفەتێکی خراپی هەبوو، ئەگەر بەکەسێك بوێرایە بیزانیایە هەژار و دەست کورتە، کەس پشتگیری ناکات، وەك مێش و پێشوولە، لە بچوکترین هەڵە بانگی بەردەم تۆڕی دادگای دەکردن و

یەکسەر بڕیاری خۆی دەدا، دەیگوت: تۆ تاوانت ئەنجامداوە دەبێ لەسەر ئەو تۆڕە بەند بکرێی، هەر چەندە مێش و مەگەز یا پێشوولە بنوزایەتەوە: ئاخر گەورەم تاوانێکی ئەوەندە گەورەم نەکردووە بۆ لێمان نابووری؟ ئاخر لەبەرچی بەندمان دەکەی؟

جاڵجاڵۆکەکە دەیگوت: من لەپێناوی ئێوە یاسا ناشکێنم، تا یاسا سەروەربێ نابێ لەبچوکترین تاوان چاو بپۆشم.



زەنگەسۆرەیەکی دەست ڕۆیشتوو، بەتۆمەتێ تاوانبار کرابوو، گوایە پەلاماری شانە هەنگێگی داوە، هەنگەکان دوای ئەوەی سکالاّی لەدژ تۆمار دەکەن و جاڵجاڵۆکەی دادوەر دەنێرێتە دوای ، زەنگەسۆرەش تا بۆ هەموو لایەکی نیشان بدات نایەوێ خۆی لەبەردەم یاسا بدزێتەوە، بەرەو تۆڕی دادگا ڕۆیشت و لەئاسمانەوە بە باڵەفڕە توند خۆی بەتۆڕەکە دادا، هەندێ لەتۆڕەکەی پچڕاند و بۆی دەرچوو.

پەپوولەیەکی سزا دراو بەتۆڕەکەوە بەندکرابوو، چەند ڕووی کردە دادوەر و گوتی: قوربان تۆ بەخۆت دەڵێی دەبێ یاسا سەروەربێ، ئەی بۆچی ئەو زەنگەسۆرەت دادگایی نەکرد؟

**جاڵجاڵۆکەی دادوەر گوتی: خۆ بەچاوی خۆت بینیت چۆن هاتە دادگا و بەچ هێزێکەوە ئێرەی هەژاند، ئێمە لەم مەملەکەتە دەسەلاّتی ئەو بەرپرسانەمان نییە کە هەموو شتێکن، یاسا لێرە دەبێ بەدڵی ئەوان پەیڕەو بکرێ، کە ئەوان خاوەنی یاسابن کەواتە کێ دەتوانێ بانگیان بکا و دادگایان بکات؟**

**مێشێك کە لەدوا ساتەکانی تەمەنیدا بوو، بەنووزەوە گوتی: کەواتە یاسا تەنیا بۆ ئەوانەیە کە هەژار و دەست کورتن.**

**جاڵجاڵۆکەی دادوەر گوتی: ئەوە هەقیقەتە و نکۆڵی لێ ناکرێ، ئێمە داروەستەی ئەوانەین بۆ ئێوە پلە و پایە و نانی خۆمان نابڕین.**

**مێشەکە گوتی: ئەوها؟!**

**جاڵجاڵۆکەکە پێکەنی و گوتی: بەڵێ ئەوها.**

**<u>بۆ زانیاریت، ئایا دەزانی:</u>**

*** تەونی هیچ جاڵجاڵۆکەیەك بەتەونی جاڵجاڵۆکەیەکی تر ناچێت.**

***زمانی پەیوەندیکردن لەنێوان مێرووله بریتییه له هەستی بۆن و دەست لێدان.**



**ژیان بەکارکردنەوە جوانە، ئەگەر کارکردن نەبوایە جوانیەکانی ژیانمان نەدەبینی**



# گۆشتخۆرەکە

چوار پێنج کەرکەدەن بەچکە پڵینگێکی گۆشتخۆریان بینی کە لەدایکی دابڕابوو، بەهەموویان گرتیان، بەندیان کرد، بەو مەبەستەی لەو تەمەنەوە وای لێبکەن واز لە گۆشتخواردن بێنێ بۆ ئەوەی دوو ڕۆژی تر ئەگەر ئازادیان کرد، یارمەتیان بدات و پەلاماریان نەدات.

بەچکە پڵینگەکە بەپەرۆشەوە هاواری دەکردنێ: ئەوە بۆ لێرەتان بەند کردووم دیارە لێم ناترسێن؟ ئەی بۆچی گۆشتم نادەنێ؟

کەرکەدەنە گەورەکە بەدەم قاقای پێکەنینەوە پێیگوت: ئاخر دەمانەوێ لەئێستاوە ڕاتبێنین وەکو ئێمە تەنیا گیا بخۆی و واز لە گۆشتخواردن بێنی کە گەورە بووی، دەرگامان لێت کردەوە پەلامارمان نەدەی.

بەچکە پڵینگەکە گوتی: ئاخر سروشتی ئێمە واهاتووە، لە گۆشت بترازێ دڵمان ئارەزووی هیچی تر ناکات.

ئەویش بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە: ئاخر ئەو شتە بەکەیفی تۆ نییە، ئەوە ئێمەین بڕیاڕ لەسەر چارەنووسی تۆ دەدەین دەبێ واز لەگۆشت خواردن بێنی  وەکو ئێمە تەنیا و تەنیا گیا بخۆی.

بەچکە پڵینگەکە پێیگوت: ئەی چی لەو دەروونەم دەکەن؟، لەکاتێکدا ئەگەر بمکوژن و بمبڕن دڵم هەر گۆشتی دەوێ و من بێ گۆشت هەڵناکەم؟

کەرکەدەنەکە بەنیمچە تووڕەییەکەوە گوتی: تۆ بەندکراوی ئەو زمانە درێژە چیە هەتە، دەی دەمت تێکنێ، بۆ تۆ نییە فەرمان بدەی، ئەوە ئێمەین دەمانەوێ بتگۆڕین، دەمانەوێ لە ئاژەڵێکی گۆشتخورەوە بتکەینە ڕووەکخۆر، هەر دەبێ قسەی ئێمە سەرکەوێ، یان دەبێ بمری یان دەبێ وەکو ئێمەت لێبێ.

پڵینگەکە چەند لەبەریان پاڕایەوە بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا نەکەن و بێبەشی نەکەن لەگۆشتخواردن.. بەڵام کەس گوێی لێ نەگرت، پڵینگەکە ڕۆژانە ئەوەندە گیاوگۆرەی دەیاندایێ بەناچاری دەیخوارد تا بژی و نەمرێ، ناچار هەر خۆی دەخواردەوە لەچاوەڕوانی ئەوەدابوو ڕۆژێ لەڕۆژان ئازاد بکرێ.

ماوەیەکی باش تێپەڕی، ڕۆژێکیان  کەرکەدەنەکە پێی گوت: هاااااا، ئێستا دەڵێی چی ئەگەر ئازادت بکەین؟

گوتی: ئەگەر ئازادم بکەن ئەو کات دوو قسە بەیەکەوە دەکەین.

کەرکەدەنەکان وەك تەواو دڵنیابن پڵینگەکە بووەتە گیاخۆر، دەرگاکەیان لێی کردەوە، پڵینگەکە چونکە زۆر تامەزرۆی گۆشتخواردن بوو یەکسەر پەلاماری ئەو کەرکەدەنەیدا کە بەوشێوەیە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرد، خواردی و ویستی پەلاماری ئەوانی دیکەش بدات، هەر هەموویان بەڕاکردن ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت.

یەك لە کەرکەدەنەکان گوتی: ئێمە نەمانتوانی دەروونی بجوڵێنین کار لەدەروونی بکەین، چۆن بەداڵغەی گۆشتەوە دەژیا هەتا گەیشتە ئەوەی کە ئازادمان کرد یەکەم شت پەلاماری کەرکەدەنی هاوڕێمانی دا و گۆشتەکەی خوارد.

کەرکەدەنێکیش گوتی: کەواتە با قەت خۆمان لەقەرەی شتێ نەدەین کە نەتوانین ناخ و دەروونی بگۆڕین.

هەموویان ستایشی ئەو قسەیان کرد و بەیەکجاری بۆ شوێنێکی تر دوور کەوتنەوە.

● * * *

<u>بۆ زانیاریت، ئایا دەزانی:</u>

- کەرکەدەن سێ پەنجەی لەهەر پێیەکدا هەیە



# شێر و فێڵی ڕێویە فێڵبازەکە



ڕۆژێکیان ڕێوییەك بەرەو کۆشکی پادشا دەچێتە خزمەتی شێرپادشا و پێی دەڵێ: قوربان تۆ زۆر بەسۆز و میهرەبانی، حەز دەکەم خزمەتت بکەم، هاتووم ئەگەر ڕازیبی بمکەیتە ڕاوێژکاری خۆت بەکردەوە بۆت دەسەلمێنم چ خزمەتکارتێکی بەوەفا و دڵسۆزم.

شێرەکە وەڵامی دایەوە: دەبڕۆ دڵسۆزی و جوامێری خۆت بنوێنە، ئەگەر ئەقڵم گرتی، نەك ڕاوێژکار، دەتکەمە وەزیری خۆم.

ڕێوییەکە سەری بۆ دانەواند و ستایشی قسەکانی کرد، ڕووی سووڕاند و چووە دەرەوە، کەوتە بیرکردنەوە چۆن شتێکی وا بنوێنێ سەرنجی شێرپادشا بەلای خۆیدا ڕاکێشێ و ببێتە وەزیر، تا نانی بکەوتە ڕۆن و هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرێ ژیان بەخۆشی بباتە سەر.

ماوەیەکی باش بەدەم ڕێگاوە ڕۆیشت، نەیدەزانی چیبکات، کە چاوی بەفیلێکی* گەورە کەوت، لەولاوە لەنێو مێرگەکەدا سێ گای لێ بوو، لەبەر خۆیەوە گوتی: واباشە لێرەدا جوامێری خۆم بۆ پادشا

بسەلمێنم، ئێستا هەموویان بەگژ یەکدا دەکەم، ئەو پەلاماری ئەو بدات و هەموویان بەکوشت دەدەم بەمەش گۆشتەکەیان دەکەمە دیاری و پێشکەش بەشێرپادشای دەکەم.

هێدی هێدی لە گا قەڵەوەکە چووە پێش، چرپاندیە گوێی و پێیگوت: قوربان تازە لەکۆشکی شێرپادشا هاتمە دەرەوە، جەنابیان منی ڕاسپاردوە یەك لەئێوە کە لەهەمووان بەهێزتربێ بیکاتە وەزیری خۆی.



ئەگەرچی ناتوانم بزانم کامەتان بەهێز و کامەتان بێ هێزن، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەگەر تۆ بتوانی ئەو گا بۆرە زلە بکوژی ئەوا ڕێت بۆ خۆش دەبێ، دەتبەمە لای پادشا و ئەویش دەتکاتە وەزیر، لەلای خۆی داتدەنێ، بەمەیش تا دەمری دەحەسێیەوە، بۆیە دەبێ ئەو شتە نهێنیبێ تا کاتی خۆی دێ.. هاااااا، چ دەڵێی؟

گا قەڵەوەکە بەکەیفسازییەوە گوتی: ئەو گا بۆرە بۆ من لێگەڕێ ئێستا چارەی دەکەم.

ڕێوی لەدوورەوە وەستا، تەماشای کرد بزانێ چۆن زگی یەك دەدڕن، گا قەڵەوەکە کە نەختێ لە گا بۆرە زلەکە چووە پێش، توند قاچەکانی بەعەردی دادا بەخێرایی پەلاماریدا، قۆچێکی بەهێزی لە ورگیدا و زامداری کرد، ئەویش سەرەڕای ئەوەی لە پەلوپۆی خست، بەڵام ئەوها نەوەستا و دەستی کردەوە.. کەوتنە قۆچ لەیەکدان، هەرچەندە گایە سوورەکەی لەو لاوە وەستابوو گیای دەخوارد گوتی: دەڵێی چاوتان سوور بووە، ئەوە بۆ وا دەکەن؟

کەس وەڵامی نەدایەوە، تا گا قەڵەوەکە گا بۆرە زلەکەی کوشت و خۆشی تەواو بریندار ببوو، ڕێویەکە بەهەڵپەیەکەوە چووە لای، گوتی: لەهەنگاوی یەکەم پیرۆزە، یەك هەنگاوی بچووکت ماوە، هەتا گەرماو گەرمی بڕۆ ئەو گا سوورەش تەختکە تا هیچ شتێ لەبەردەمتدا نەبێتە کۆسپ و تەگەرە.

گا قەڵەوەکە بەبێ بیرکردنەوە، دیسان توند قاچەکانی بەعەردی دادا و لەدوورەوە بە سوورەی گوت: بەس ڕاوەستە بۆم، ئێستا چارەت دەکەم.

گا سوورەکە لەدوورەوە گوتی: چیە؟، دەڵێی ئەقڵت لەدەست داوە، کەمێ هۆشت بێنەوە بەر خۆت، بۆچی وا دەکەی؟

گا قەڵەوەکە گوتی: نابێ کەس لەبەردەممدا ببێتە بەربەست.

کەوتنە شەڕە قۆچ، هێندەی لەیەکیاندا، خوێنێکی زۆریان لەبەر ڕۆیی تاوەکو هەردووکیان لەپەل و پۆ کەوتن، بەمەیش ڕێویەکە لەدوورەوە چاوەڕوانی کرد تا هەردوکیان مردارەوە بوون، بەهێواشی چووە سەر

کەلاکی گا بۆرەکە و تا هەنگڵی هێشا گۆشتەکەی خوارد، ئەوجا گەڕایەوە کۆشك و بۆ ئەو مێرگە بانگێشتی شێر پادشای کرد.
شێرپادشا لەگەڵی چوو، کە چاوی بەکەلاکی سێ گا کەوت، پرسی: ئەوە چیە؟
ڕێوییەکە گوتی: قوربان ئەوە ئەو جوامێریەیە کە تۆ داوات لێکردم منیش ئەنجاممدا.
شێرەکە تێر و پڕ لە گۆشتەکەی خوارد و گوتی: زۆر سوپاس.
ئەوجا ڕووی وەرچەرخاند ڕێ و ڕێ بگەڕێتەوە، ڕێویەکە پێیگوت: گەورەم بۆ پاداشتەکەم خۆ دەمکەیە وەزیر؟
شێرپادشا بەپێکەنینەوە گوتی: نەخێر چونکە تۆ بەفڕوفێل ئەو



ئیشەت کرد، فێڵکردن زیرەکی نیە لەلای منیشبی هەروا فڕوفێڵ دەکەی، تۆ جێی متمانەنی دڵنیام دەستت بڕوا هەمان شت دەرهەق بەمن دووبارە دەکەیەوە، دەی لەپێش چاوم ونبە، نامەوێ لێرە بتبینمەوە.
ڕێوییەکە نەیوێرا هیچ بڵێ، تەنیا لەبەر خۆیەوە گوتی: دەك ئەو خواردنەی خواردت بە ژەهرتبێ، بەڕەشاوەتبێ.

بەناچاری سەری خۆی شۆڕ کردەوە و بەرەو دواوە گەڕایەوە و دارستانەکەی جێ هێشت.

*    *    *

<u>بۆ زانیاریت، ئایا دەزانی:</u>

- تەمەنی فیل نزیکەی سەد و پەنجا تا دوو سەد ساڵە..ئەگەر فیل بەپێوە بمرێ، دوای مردنیشی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك بەپێوە دەمێنێتەوە



---



* ڕێز لەخەڵك بگرە وەكو چۆن حەز دەكەی خەڵك ڕێزت بگرن، ئەو شتەی خۆت حەزی پێ دەكەی دڵنیابە خەڵكیش حەز بەو شتانە دەكەن كە خۆیان حەزی پێ